## ضةثكم يادي هةلَوةريو بؤ سبةينم .... خالَة حةمة

ئاسوده بوین
ئەو ڕۆژانەی لە(شیعر)ێکما
جێگەی ژووانت ڕادەخست و
پڕ بەدنیا حەزتدەکرد
ماچێکتکەم ..
لە شینایی ئەو دڵەتا
ووشە ووشەی سەرزاری من
دەچۆڕایە ناو ناختەوەو
وەک شۆڕەبی
دەست و دڵت هەڵدەلەرزی!! ..
حەزتدەکرد
لە ئامێزما تێر تێر بنووی
بەسەر جەستەی خەمەکانما
ڕابکشێی
کەسێک نەبێ لە بەهەشتی
ئەو خەونەتا
بێجگە لە من بێتەهانات
ئارەقەی ساردی سەرگۆنات
لە دەفتەری یادەکانیا
لە گوڵ بگری
کەزی ڕەشت شانەبکا
کڵپەی گڕی ناو دۆزەخی
ئارەزووەکانت خامۆشکا
گۆرانیەکانی دوای*(وەشت) و
سروودەکانی پێش گزنگ بڵێتەوە ..
واتحەزدەکرد وەکوو لاولاو
بە باڵامدا هەڵبگەڕێی
دەستدرێژکەیت بۆ خۆرهەتاو
لە گوڵ ئەستێرەی (شیعر)ی من

چەپک بکەیت
بۆ بەرۆکت
بە هاژەی تاڤگەی شیعری من
ڕابچڵەکێی
بە پڕیشکی نیگای گڕم
هەڵپڕوکێی ..
(2)
ئازیزەکەم هەرتۆ نەبووی
منیش ئەمویست
بە هەناسەی ئاگراویت
پەڕە پەڕەی ئەوڕۆژانەم
گڕ تێبەربەم
وەکوو(مەسیح)لە خاچ ئەدرام
وەکوو(حەلاج) لە دۆزەخی بێخواکاندا
لەسەر (تاپۆ) ی (عەشق)ێکی پاک
ڕۆژی سەدجار ئەشکێنرام !!
نیگاکانیان*( پەرت ) ئەکردم..
ڕێگەم پڕ بوو لە دڕکەزی
لەچاڵ و چۆڵ
لە پەرژینێ نیگای ئەدزی..
چاوەکانی دەوروپشتم
*(ئیرەیی)ان پێدەبردم.
شیعرەکانم لەژێر چاودێری
سانسۆری
پاچی ڕقی دوژمنابوون..
خۆشم یاخی لەدەستورێک
لە یاسایەک
خۆشەویستی تیاتاوان بوو
سەدەی ژەهرو سەدەی ژان بوو
سەدەی ڕەشبەڵەکی مەرگ و
شایی ولۆغانی دوژمن و
چنینی داوی درۆ بوو

KURDISTAN NET

وەک ئەمڕۆ بوو !!..
(3)
ئەو ڕۆژانە من ئەمزانی
مەرگەوەڕان
لە بارانە (شیعر)ی هەڵچووم چوون بەقینا
هەریەکەیان
بەخوێنی سەری ئەم (عەشق)ە تامەزرۆن
*(بێزوو) بەمەرگی من ئەکەن..
بەڵام هەرگیز نەیانتوانی
چرای سبەینێم پێکزکەن
لەناو دڵما
(ڕۆح)ەکەی خۆم
(ڕۆح)ەکەی تۆ دەربهێنن
تەنها خەمێکی بێ تۆییم لێبستێنن
تۆش بێخەم بە
ئێستاش لەلام هەر دوێنێیە
سەدان جێ دەست و جێ پەنجە
سەدان جێ پێ و لارو لەنجە
سەدان دەنگ و ڕەنگتم پێیە
(ڕۆح)تم پێیە
گەر تۆ نەبی
باڵەخانەی(شیعر)ەکانم دائەتەپێ
گەر تۆ نەبی
لە ئینجانەی دڵەکەما
(شیعر)ێ ناڕوێ
گەر جەللادی دڵەکەشمان نە*(بوغز)ێنم
سنووری سووری ئەمڕۆکەش نەبەزێنم
لەمغوربەتە بێدڵەدا
(ڕۆح)م ئەمرێ
تۆشم ئەمرێ .

دانمارک/ڤالبی/2004

KURDISTAN NET
کوردستان نێت

xale@pc.dk

KURDISTAN NET
کوردستان نێت